# ١٦ ساڵە عێراق لە سەرکەوتنی بەردەوام دایە


لەم ژمارەیـەدا
● ژمارەی تایبەتی یـادی ١٦ ساڵەی شۆڕشی ١٧ــ٣٠ تەمووزی مـەزن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

هاوکاری
التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕیو سەرنووسەر
مصلح مصطفی جلالی

پێنج شەممە ١٩٨٤/٧/١٩ ژمارە ٧٤٦ — ١٢ لاپەڕە — بە ٥٠ فلـس — الخميس ١٩٨٤/٧/١٩ العـدد ٧٤٦


## بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین وتارێکی مێژوویی ونەتەوەیی گرنگ لە یادی ١٦ ساڵەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەمووزی مەزندا ئاراستە دەکا

# هێزی عێراق لە پێناو ئاشتی دایە

## جەنگی داهاتوومان دەبێتە سەرکەوتنێکی مێژوویی

**بەڕێز سەرەك موهیب روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی هێزی چەکدار دووپاتی کردەوە کـە ئەو تاقی کردنەوەیەی گەلـەمەزنەکەمان لـە حەقدەسی تەمووزدا دەستی پێ کرد هەر لـە سەرەتاوە سیمای راپەڕینی تاقی کردنەوەیەکی مەزنی هەڵگرتبوو**



**بەڕێزی لـە وتارێکی مێژوویی و نەتەوەیی گرنگدا بـە بۆنەی بیرەوەری ١٦ ساڵەی شۆڕشی ١٧ــ٣٠ تەمووزی پیرۆزەوە وتـی رۆژی عیراق لیرە لـە ناوچەکەداو لە سـەرتاپای نیشتمانی گەورەی عـەرەب هەڵی کردو رووناکی تیشکی بەسەر دنیادا دەروانـی سەرەرای تەقەلـلای دوژمنانو قینـ لـە دڵو حەسودەکانو ئەو پیلانانـەی سازی دەکەنو ئەو تەقەللای خەڵەتاندنو سـەرلێ شێواندنەی دەیدەن .**

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسین باسـی گۆرانەکانی باری ئەو شەرە دوژمنایەتی کارەی کرد کـە بەسەر وڵاتـە تێکۆشەرەکەمانـدا سەپێنراوە .

بەڕێزی وتی عیـراق توانای تەواوی خـۆی سەلماند لە بەرگری کردنیا لە خۆیو لە ئاسایشیو لـە سوودی براکانی .

سـەرەکی فەرمانـدە دووپاتی کردەوە کە عیـراق هەست بە بەهێـزی مەعنەویو هێزی میللـیو بەهێزی عەسکەریو بەهێزی ئابووری دەکاتو پێویـان هەڵسو کـەوت وەك پێویستە بەڵێ هاتوانـەو دانایی دەکا .

تەواوی وتارەکـەی سەرەکی فەرماندە لە ل ٣و ٤و ٥و ٦ دایە .

# مـەدالیای حزب بۆ هـاوڕێ صـدام حسـین



هاوڕێی فەرماندە صدام حسین لە وتارێکدا بە بۆنەی بەخشینی مەدالیای حزب بە خۆیو هاوڕێیان وتـی مافمانە .. لە عیـراق شادمان بین لەگـەڵ

## هاوڕێ صدام حسین :
## عێراق بە بەڵگەی ئێستاو مێژوو مەزنە

سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بریاریدا مەدالیای حزب بـە هاوڕێی فەرماندە صدام حسین ببەخشێ . ڕێزنان لـە دەوری مێژووییو ڕەوتی خەباتی نموونەیی

بڕوانە ل ٦

## جەنگاوەرە مەردەکانمان دەستی توندلە بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن دەوەشێنن

**لـە کاتێکدا گەلـەمەزنەکەمان ، لە خۆشـیوشادی یادی ١٦ سـاڵەی تەمەنی شۆڕشی مەزنمانـداشۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەمـووزیمەزندا دەژی ، هێـزی چەکداری دلێری عیـراقبەدرێژایی بەرەکانی جەنگبەنواندنی پاڵەوانیەتی زیاتـر لـە بەرەنگاربوونەوەیدوژمنی داخ لە دڵداو بـەدیهێنانی سەرکەوتنی تـری مەزن بەشداری خۆشـیوشادی گەلە مەزنەکەمـان دەکا .**

بەپێی بەیاننامەکانـی سەرکردایەتی گشتی هێـزی چەکدار لەم هەفتەیـەدا جەنگاوەرە مەردەکانمـان چەندان دەستی مەردانەیـان لە دوژمن وەشاندووەو زیانی سـەرومالی زۆری پێگەیاندووە .

سـەرەتای هەفتـەی رابووردوو دوو نیشـانـەی دەریایی گەورە بە هەڵمەتێکی ئازایانەی هەڵـۆ دلێرەکانو هێزی دەریایی مەرد لـە خواروی خەرج پێکـراو بەشدارەکان لەم هەڵمەتـە ئازایانـەدا بەسەلامەتی گەرانەوە بنکەکانی خۆیان .

هەروەها لەم هەفتەیـەدا هێـزە مەردەکانمان زۆر دەستی دلێرانەیان لە بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن وەشاندوە بەتایبەتی لە کەرتـی ناوەراستو خواروو .

هیلیو کۆپتەرە دلێرەکانمان بنکەو مۆڵگاکانی دوژمنیـان لە رۆژهەڵاتی بەسرەو دیجلە ئاگرباران کردووەو زیانـی زۆری پێگەیاندونو چەندان سەنگەری بەسەر دوژمندا روخاندوە . هێزی بەرگری ئاسمانی مەردمان ئـەم هەفتەیە دوو فڕۆکـەی دوژمنی لـە کەرتی خواروو خستۆتە خوارەوە .

هەروەها لـەم هەفتەیەدا دەستەیەکی تر لـە سەربازەکانی دوژمن لـە دۆزەخی خومەینی جادووگەر هەڵاتوونو خۆیـان داوە بەدەست هێزەکانمانەوە .

لە یادی ١٦ ساڵەی شۆڕشی ١٧ــ٣٠ی تەمووزی مەزندا

## شۆڕشی سەرکەوتنی مێژوویی

**شۆڕشی ١٧ــ٣٠ تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ کـە حزبـی بەعسی عەرەبـی سۆشیالست رای‌پەراندو رابەری کـرد پێویستیەکی مێژووی بـوو بـۆ راستکردنەوەی باری تێكچووی عیراقو گەیاندنی بە رادەیەك دەوری راستەقینەی خۆی لە پتەوکردنـی باوەری پێشکەوتنی گەلو نەتەومداو لە بـاوەری مرۆڤایەتی سەربەستیخوازدا بگێرێ .**

**بەرپابوونی شۆڕش کارێکی پاڵەوانی ئازایانە بوو حزبی بەعس لە عیراقدا رابەری کرد .. چونکە گیـرو گرفـتو گرانیەکانی پاشماوەی سەردەمە دیکتاتۆریەکانو دواکەوتن گەورەو رەگ داکوتـاو بـوون ... دوژمنەکانـی شۆڕشو نوکەرانـی ئیستعمارو کومپانیا مۆنۆپولەکانی نەوت لـە هەموو گۆشەو کونو کەلەبەریکا لە عیراق بڵاو بوون .**

**بەڵام سەرکردایەتی حزبو شۆڕش ، بـە تەقەللای هوشیارانەو ئارامی خوراگرتوو ، توانییەك لە دوای یەك گیروگرفتەکان بن بڕ بکات ، کانەکانـی جاسوسیو شوینەکانی بێهێزی کە هەرەشەیان لـە ئاسایشی گەلو رێزی نیشتمانی دەکرد لە ناو بەرێ .**

**بەم جۆرە شۆڕش دەستی کرد بە کار بە پێی روانینی دیاری بۆ بیناکردنی عیراقی بە هێـزو یەکگرتوو ، ئازایانە رێگای بریو بەسەر هەمـوو کۆسپو تەگەرەیەکدا زاڵ بوو کە دوژمنان دروستیان دەکرد بۆ لادانی لەرەوتی نیشتمانیو نەتەوەیی خۆی، تـا توانی لـە ماوەی ساڵانی تەمەنیا دەستکەوتەی مەزنو گەورە لە مەیدانەکانی ژیاندا بەدی بێنـێو پەیوەندی نیشتمانی ساغ پتـەو بکـاتو ئابووری نیشتمانی رزگار بکاتو باوەری راستەقینە بـۆ پەیوەندی عیراقی لەگەڵ وڵاتە عەرەبەکانو وڵاتانـی**

**ــ هاوکاری ــ**

بڕوانە ل ٦

Institut Kurde de Paris

# وتارە مێژوویی و نەتەوەییە گرنگەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

# لە یادی ١٦ ساڵەی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمووزی مەزندا

هەندێ لایەنی دەوڵەتان ڕێی سیاسەتی کورت بینیان گرتەبەر وایان دەزانی ئەم سیاسەتە هەندێ گۆڕانی لە سیاسەتی ڕژێمی ئێراندا بە جۆرێ بەدی بێنێ لە یەکیان نزیك بکاتەوە .. زۆر لایەنیش هەوڵیاندا سوودی بازرگانی بچننەوە لەزروفی ئێرانداو پێویستی زۆری بەتایبەتی دوای ئەوەی لە ماوەیەکی کورتی ساڵی ١٩٨٣دا داهاتی ئێران زیادی کرد ، بەڵام ڕاستی ژیا .. وەهەو لێکدانەوەو بۆچوونی هەڵە نەژیاو ئەو ڕاستیانە لە پاشەڕۆژدا لایەنی دوایی دیاری دەکەن ، عیراق خۆی ڕاگرت ، سەلماندی ئەو هێزی پاشەڕۆژە ، جارێکی کە نەزانی ئەو لایەنانەی باسمان کردن بەرامبەر ڕژێمی ئێرانی سەمەرەکە نەرم و نیانی بە بێهێزی تێدەگات و حیکمەت بە ملکەچی سەلما ، ئەوەبو بەردەوام بو لە هەڕەشەو گوڕەشەی نارەواو چەپەڵی ، سواری لە خۆبایی بوون بوو .. ئاواتی شەڕانی هانی دەدا بۆ ئاژاوە نانەوە لە ناوچەکەو دنیادا .. لەبەرئەوە لەباری دەوڵەتی بە گشتی و لە ناوچەکە بەتایبەتی لەم دواییەدا ڕوانینی وردتر بوو بەرامبەر بەو ڕژێمەو ڕاستی ئامانجەکانی و مەبەستەکانی و زۆر لایەنی دەوڵەتی و لایەنی دیاری کراو لە ناوچەکە دڵنیایە لە نیەتی شەڕانی ئەو ڕژێمە .

## ● تەنهاکەوتنێکی سەخت ●

ڕژێمی ئێران ئێستا بەدەست تەنهاکەوتنێکی وا سەختەوە دەناڵێنێ کە لە سەرەتای شەڕەوە تا ئێستا دووچاری سەختی وا نەبوەو ، ئێستا لە مەیداندا هەر هاوسوێندە بەدەکانی ماوە لە گوڕەپاندا وەك زایۆنیزمی جیهانی کە هێشتا هەر یارمەتی سوپایی و هونەری پێشکەش دەکا بۆ درێژەدان بە ژیانی و بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوام بێ لەسەر دەستدرێژی کردنە سەر عیراق و ناردنی ئاشووب و وێرانکاری بۆ ناوچەکەو .. هەروەها هاوسوێندەکانی لە بەدکاریدا لە عەرەبی پێناسنەمەو هەندێ هەلپەرستان لە بازرگانانی چەکو .. ئەوانەی بەدوای ڕێکەوتنی بازرگانی ی خێرادا دەگەڕێن ئەوانەی کە هێشتا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن نەك لەبەرئەوەی خۆشیان دەوێ بەڵکو چونکە بەدوای قازانجدا دەگەڕێن و ، ئێمە هەموو ئەوانە دەناسین و .. ئەزانین چی دەفرۆشن و ، چی دەکڕن و هەر حاڵەتێ لەم حاڵەتانە حیسابی تایبەتی خۆی هەیە لە هەڵسەنگاندنی ئێستاماندا و .. لە هەڵسەنگاندنماندا بۆ پاشەڕۆژ .

لە ساڵی ڕابوردوودا زیاتر لەمەوبەر زۆر ڕاستی وا ڕوون بووەوە کە ئەوسا ئاڵۆزی و سەرلێدەرنەچوون دەورەی دابوو لەبارەی ناوەڕۆکی هەڵوێستی هەردوولا .. ئەوە بەتەواوی دووپات بووەوە کە عیراق باوەڕی بە ئاشتی یە و سوورە لەسەر بنەماکانی قانوونی نێو دەوڵەتان و سوورە لەسەر ڕەفتارکردن بە بنەڕەتە ڕاستەکانی پێوەندی ی نێو دەوڵەتان .. هەروەها ئەوەیش بەتەواوی دەرکەوت کە هەستێکی باڵای هەیە بەرامبەر بە مەسەلەی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا .. لە هەمان کاتیشدا ڕێبازی دوژمنانەو فراوانکاری ڕژێمی ئێران و ، سووربوونی لەسەر شەڕ بەتەواوی دووپات بووەوە بۆئەوەی کینەی شاراوەی خۆیی پێ دەربڕێ و بکاتە ئەو ئەنجامانەی کە پاڵی پێوە دەنرێ بۆیان بێ ئەوەی هیچ جۆرە هەستێك بە ئەرکی بکا .. هەروەها ئەو ڕێبازە دوژمنانە سەرەڕۆیەی لە هەڕەشەکردنیا لە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکەو هەڵوێستە هەلپەرستە ڕاڕاکانی دووپات بوونەوە .. جارێ هەڕەشەو گوڕەشە دەکاو جارێکی تر قسەی ئاڵۆزو نادیار دەکا .. بۆئەوەی غەلبەغەلب و سەرلێتێکچوون بەرپابکا .. ئەم ڕاستی یە تازانە یارمەتی ئەوەیاندا ئەو وێنەیە ڕوونتر بێتەوە کە بووە هۆی بەرپابوونی هەرای چەکدارانە لە ٤ی ئەیلوولی ١٩٨٠دا .

## ● متمانە بە هەڵوێستی عیراق ●

ئێمە بەم بۆنەیەوە ستایشی باڵای خۆمان دەردەبڕین .. بۆ هەموو ئەو پارت و ڕێکخراوو کۆمەڵ و کەسانەی کە لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتوون .. لە نیشتمانی عەرەب و لە ئەمەریکای لاتینی و ئەفریقیاو ئاسیاو ئەورووپاو دەوڵەتە سۆشیالیستەکانا بۆ بەشداری کردن لە کۆنگرەی جیهانیدا لەبارەی ئەنجامی ترسناکی شەڕی کەنداو بۆسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان کە لەم ڕۆژانەی ڕابوردوودا لە بەغدا گیرا .. ئەم کۆنگرەیە هاوکاری گەلانی جیهان دەردەبڕێ لەگەڵ عیراقی یەکانا لە ئارەزووکردنی ئاشتیدا ، هەروەها متمانەی ئەم گەلانە دەردەبڕێ بە هەڵوێستی ڕاستی عیراق کە داوای ئاشتی و پێوەندی بێخەوش دەکا لەنێوان دەوڵەتانا .. هەروەها ستایش و شانازیمان دەردبڕین بەرامبەر هەموو ئەوانەی پشتی مەسەلەی ئاشتی یان گرت و .. یارمەتی عیراقیان دا لەو هەڵوێستەیا کە داوای ئاشتی ڕەوا دەکاو .. بەتایبەتی ئەو ڕێکخراوو کەس و کۆمەڵە ئیسلامی یانە دەسنیشان دەکەین کە لە بەغدادا کۆبوونەوە لەو کۆنگرە ئیسلامی یەدا کە لە ( نیسان ١٩٨٣ )دا بەستراو داوای ئاشتی تیاکرد .. بەڵام ڕژێمی ئێران پشتی کردە داوا دڵسۆزەکەی .. ئەمەیش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەم ڕژێمە نەك هەر دوژمنایەتی لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا دەکاو دەیەوێ لەسەر حیسابی ئەو خۆی بەرفراوان بکاو بەس .. بەڵکو گاڵتە بە ئارەزووی هەموو موسوڵمانان دەکاو .. ڕێزی ڕاو بانگەوازە دڵسۆزەکانیان ناگرێ کە بۆ ئاشتی و پێوەندی ی هاوکاری لەنێوان موسوڵماناندا دەری دەکەن .

## ئاسایشی کەنداوی عەرەب

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەنهاکەوتنی ڕژێمی ئێران زیاددەکا .. لەنێو وڵاتانی ناوچەکەو لە دەوروبەری ئیسلام و .. لە چوارچێوەی جووڵانەوەی بێلایەن و .. لەسەر پلەی دەوڵەتاندا .

لەو ڕاستی یانەی کە لە ساڵی ڕابوردوودا دووپات بووەوە .. بەتایبەتی پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییەی وڵاتەکانی ناوچەکە ئەوەیە کە ئاسایشی کەنداوی عەرەب یەکە .. ئاسایشێکە کە بەش بەش ناکرێ و هەر هەوڵێك کە بدرێ بۆ بەش بەش کردنی تێڕوانین و ڕەفتار بەرامبەر بە ئاسایشی کەنداو نەك هەر هەوڵێکی ناڕاستە لە سووچی نەتەوایەتی و سیاسەتەوە بەس بەڵکو لە حیساباتی سوپایی (تاکتیکی و ستراتیژی)یشەوە ناڕاستە .. چونکە دوژمنی ئێرانی ئێستە دەیەوێ هەڕەشەکانی بەرامبەر بە ئاسایشی کەنداو بگوێزێتەوە بۆ جێبەجێ کردن .. ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە بەرژەوەندی ی برایان لە کوەیت و سعودیەکردو .. ئێمە لەو کاتەدا کە ستایشی هەموو کۆششێك دەکەین بۆ هەوڵ کردن بەیەك و لای یەکتر گرتن لەنێوان وڵاتانی کەنداودا تێڕوانینمان دووپات دەکەینەوە لەبارەی پێویستی یەکانی بەرگری کردن لە کەنداوو .. عیراق توانای هەرە باڵای خۆی ئیسپات کرد لە بەرگری کردندا لە خۆی و لە ئاسایشی و لە ئاسایش و بەرژەوەندی ی براکانی .. لەمەیشدا ئەو لەوەوە دەست پێدەکا کە ئامادەیە بۆ بەخشندەیی و قوربانیدان .. نەك لەوەوە کە ئارەزووی دەستکەوتنی قازانجی تایبەتی هەبێ ..

## دوژمن چوەتە قۆناغی مەترسی یەوە

دوای نزیکەی چوار ساڵ لە شەڕ عیراق توانی قۆناغی مەترسی ببڕێ لە هەموو مەیدانێکی سوپایی و ئەو مەیدانانەی تر کە کاردەکەنە سەر ململانێ و ئیستا دوژمن ماوەیەکە چووەتە قۆناغی مەترسی یەوە ..

عیراق هەست بە هێزی مەعنەوی خۆی و هێزی میللی ی و ، هێزی سوپایی ی و هێزی ئابووری ی دەکاو بەوشێوەیەی کە پێویست بێ لە تواناو وردبینی دا دەجووڵێتەوە .. لەمەدا ئەو وەك لە سەرەتاوە هەر سوورە لەسەر تێڕوانینە بەردەوامەکەی لە پێوەندی یدا لەگەڵ دراوسێکانیاو .. پێوەندی یدا لەگەڵ جیهاندا ئەو پێوەندی یەی کە لای وایە بناغە دروستەکەی لەسەر ڕێز لەیەك گرتن دامەزراوەو .. لەسەر دەست نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆو پاراستنی بەرژەوەندی ی هاوبەش.

هێزی ئێستای عیراق .. هێزێکە لەپێناوی ئاشتیدا .. لەپێناوی ئارامی ناوچەکەدا .. لەپێناوی دامەزراندنی پێوەندی یەکی دروستدا لەنێوان ڕۆڵەکانیاو ، ئەگەر فەرمانڕەوایانی ئێران ئەوانەی تووشی نەخۆشی لەخۆبایی بوون و کینەو خۆزلکردن بوون و کە هەندێ لای ئاشکرا بەوەی کە دوژمنی نەتەوەی عەرەبن پاڵی پێوەناون ئەو هێزەی لایانماوە بەکاری دێنن بۆ ئەوەی ئاشووب و گۆبەندو نائارامی بەرپابکەن لە ناوچەکەدا ئەمە هیچ کار ناکاتە سەر ناوکرۆکی هەڵوێستی پتەوی عیراق ..

ئەو عیراقەی کە خۆی بە ناچار دەبینێ بۆ ئەوەی بە هەرچی هۆیەك و چەکێك کە هەیەتی بەرگری بکا لە ئاسایش و سەربەخۆیی و ئازادی و کەرامەتی و لە ژیانی ڕۆڵەکانی هەمیشە هەر باوەڕی بە ئاشتی دەبێ و .. هەمیشە باوەڕی بە پێوەندی و بیروباوەڕی قانوونی نێودەوڵەتان دەبێ و .. ئێمە لەوکاتەدا کە بە هەموو هێزێکەوە دەدەین بەسەر دەستدرێژیکەراندا و ئەو دەرسەیان دادەدەین کە شایانی بن لەبەر بەردەوامبوونیان لەسەر بەدکاری و کینەو دەستدرێژی بە گیانێکی ئیجابی یەوەو بە ئەقڵێکی کراوەوە ڕەفتار دەکەین لەگەڵ هەموو دەستپێشخەری یەکی ڕاستەقینەدا کە هەوڵی ئاشتی بداو ، هەمیشە بە دڵسۆزی یەوە هاوکاری دەکەین لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانی یەکان و لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دۆستانەدا کە هەوڵیانداوەو ئیستایش هەوڵی هێنانەدی ئاشتی ڕەوای شەرەفدار دەدەن .

## ساڵێکی پڕ

برایان ..

جەنگاوەرە خۆشەویستەکان ..

ئەی بەرگری کەرە پڕ وڕەو تواناکان لە هەر شوێنێ بن لە دوورترین لووتکەی شاخە بەرزەکانی عیراقەوە لە سەرەوە تا دوورترین جێگا لەسەر شط العرب و ڕۆخی کەنداو لە خوارووی وڵات .

سلاوتان لێ دەکەم .. سلاوی خۆشەویستێکی وا کە پڕ بێ لە شانازی و شادی بە پاڵەوانی یەکانتان و .. بە ئازایەتی یەکانتان و .. بە سەبرتان و .. بە تواناتان و .. بە لێهاتوویی یە خولقینەرەکانتان لەسەر هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەکانی دوژمنان و پووچەڵ کردنی نەخشەکانیان و فەوتاندنی فێڵ و پیلانیان و .. خۆشەویستی سەرکردایەتی و خۆشەویستی پیاوو ئافرەتە عیراقی یەکان خۆشەویستی منالانی عیراق و پیرانی و شانازی یان پێتان و پاڕانەوەی ڕاستەقینەیان لە خواوەندی گەورە کە بتانپارێزێ و سەرتانخا بەسەر دوژمنە ستەمکارەکانا .. خوا گوێی لێیەو بەدەنگمانەوە بێ .

ساڵی ڕابوردوو ساڵێکی تری پڕبوو بە جەنگی پیرۆزی وا کە عیراقی یەکان ئیسپاتیان کرد تیایانا کە شایانینی .. لە شاخ و .. لە دەشت ، لە هۆرەکان و ئاوی کەنداو .. لە سەر زەوی و لە ئاسمانی شەڕ .

ساڵی ڕابوردوو یەکێك بوو لە ساڵە بڕیاردەرەکان لەئەنجامی ئیستای و ئەنجامی دووریاو تیایا ویستی پۆڵایینی عیراقی یەکان و یەکێتی ی پتەوی عیراقی و .. توانای بەهێزی عیراقی تاقیکرایەوە .

دوژمن لە ساڵی ڕابوردوودا هەوڵی ئەوەی دا کە لە کەرتێکەوە بگوێزێتەوە بۆ کەرتێکی تر بۆئەوەی کەلێنێکی سوپایی یا سیاسی بدۆزێتەوە لێیەوە بێتە ژوورێ .. لە دەشتدا شەڕی کردو .. ئەنجا گوێزایەوە بۆ شاخ .. خەیاڵی خاوو هەڵسەنگاندنی هەڵەو زانراوی ڕێونکەر کە داردەستە نائومێدەکانی کە تووشی هەمان نەخۆشی یەکانی بووبوون کە کینەو نەفامی و گومڕایی پێشکەشی دەکردن ئەوانەی کە لەگەڵ هەندێ دایەرەیا لە یەك ڕیزدا وەستاون بۆ خزمەتکردنی بێگانە .

## پیاوانی بێدار

بەڵام بۆ هەر شوێنێ ڕۆیشت لە هەمووی سنووری عیراقی بەرزدا سەیری کرد عیراقی یەکان پیاوی بێدارو .. یەکگرتوون لەسەر هەق ؛ ئامادەن

ئیمڕۆ بەری خێرو پاڵەوانیەتی و قوربانی و بەخشش دەچنینەوە

هەڵوێستی بەهێزمان .. سەرئەنجامی هوشیاری و باوەڕو بەرگری پیاوو ئافرەتە عیراقی یەکانە

Institut Kurde de Paris

